# کاریگەری تەکنەلۆژیای گەیاندن لەسەر نیگەرانی دەروونی




یوسف عوسمان حمد

پسپۆری دەروونزانی





جگه لەوەی کە ڕاگەیاندن و گەیاندن و تەکنەلۆژیا هەموو پێشکەوتنێکی لە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەبێت و هەوڵدەدات لەو ڕێگایەوە بەختەوەری بۆتاک دەستەبەر بکات، بەڵام لەبەرامبەر ئەمانەشدا زۆرجار خودی بوونی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکانی زۆر بەکارهاتووی گەیاندن زیانێکی ڕاستەوخۆی هەیە بەسەر خودی گەشەی جەستەیی و دەروونی تاک، یاخود بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەبۆ ماوەیەکی زەمەنی دوور کاریگەری سەلبی لەسەر ئەو کەسە دروست دەکات.

ئەگەر تەکنەلۆژیا بەتایبەتی خاوەن شەپۆلیەکانی دەنگ و ڕەنگ بەشێوازێکی زانستی بەکارنەهێنرێ لەگەڵ توانا و ئامادەیی تاک نەگونجێ بێشک زیانی خۆی دەبێت..

ئەوەی مەبەستە لێرەدا کاریگەری دەروونییە، چونکە کاریگەری جەستەی تاک دەتوانێت هۆیەکانی خۆپاراستن بەکاربهێنێت و تا ڕادەیەک زانیاری خۆپاراستنی هەیە، بەڵام بۆ بەرکەوتنی دەروونی کەم کەس هۆشیاری ئەوەی دەبێت کە بەرگری دەروونی بەکاربهێنێت یا خود خۆپارێزی بکات بۆ ئەوەی زەرەرمەندی دەروونی نەبێت بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای گەیاندن.

توێژەری زانستی تەکنەلۆژیای ژاپۆن (شین لیان بو) لە ساڵی (2005) توێژینەوەیەکی فراوانی لەسەر ئەوکەسانە کرد کەوا لەماوەی کارکردنیاندا زۆرترین کاتیان مۆبایل



یاخود هۆیەکانی تری پەیوەندی کردن بەکار دەهێنن، لەگەڵ ئەو کەسانەی شەش کاتژمێر لە (24)کاتژمێردا مۆبایل و هۆیەکانی تر بەکاردەهێنن، بەراوردی کرد لەگەڵ کەسانی تر، کەزیاتر لەسەر (150)هەزار کەس ئەم تاقیکردنەوەی ئەنجامدا بۆی دەرکەوت ئەو کەسانە هەندێک خەسڵەتی دەروونی (نەرییتی) سلبییان زیاد کردووە، وەکو زیاتر تورەدەبن و زوو هەڵدەچن، پەشۆکاو دەبن تووشی پەشۆکاوی خواردن دەبن، ئەو بارە تووشی نیگەرانیان دەکات کە بەردەوام هەست بەدڵ تەنگی و خەمۆکی دەکەن بەتایبەتی رەگەزی ئافرەت و دەرکەوتووە ئەوانەی بەتەمەنن زیاتر تووشی ئەو حاڵەتە دەبن، چونکە بەرگری دەروونیان لاوازترە، جوڵەی جەستەیان کەمترە، ئەم زانایە کەلە کۆمپانیایەکی گەیاندنە توێژەری دەروونیە، باس لەوەدەکات کە شەپۆلە کەهرۆموگناتیسیەکان کار لە کۆدەکانی شەپۆلی مێشک دەکەن بەتایبەتی شەپۆلەکانی (ئەلفاوبێتا) بەشێوەیەکی گرژدەردەچن کەمێشک هیلاک دەکەن و پێویستیان بەزۆرترین وزە دەبێت تاوەکو ئەو گرژیە خاوبکرێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا چری خاڵی تەرکیزکردن پەرش دەبێت بەڵام لاوازنابێت، زۆربەی سایکۆلۆجستەکان لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کەزۆری پەیوەندی یاخود شەپۆلەکانی مۆبایل و ئامێرەکانی تری پەیوەندیکردن نیگەرانی دروست دەکات، تاک تووشی تەنگژەی دەروونی دەبێت، بەتایبەتی خەمۆکی هەر ئەو زانایانە ئەوەیان سەلماند کە دەبێت ئەو جۆرە کەسانە بەردەوام وەرزشی دەروونی بکەن یاخود هەوڵ بدەن دەرون دروستی خۆیان بپارێزن، بۆ نموونە ئەو کەسانەی لەشەو و رۆژێکدا زیاتر لە چوارکاتژمێر قسەدەکەن یاخود گوێ بیستی مۆبایل دەبن دەبێت بەلایەنی کەمەوە دووکاتژمێر لە شوێنێکی هێمن و بێ دەنگ و ئاو وهەوای پاک بن بیر لە ئەفسوناوی سروشت بکەنەوە یاخود بۆ خاوبوونەوەی گرژی شەپۆلەکانیان گوێ لە مۆسیقای کلاسیک بگرن لەرێگای (هێدفۆن) ئەم زانایە بۆ کۆمپانیایەکەی پێشنیاری ئەوەی کرد لەجیاتی زەنگی تەلەفۆن مۆسیقای کلاسیک دابنرێت.

دەبێت ئەو جۆرە کەسانە وەرزش بکەن و هەوڵ بدەن (أسترخاء)ی دەروونی بکەن بەهۆی مەشقی سادەی یۆگاوە یاخود کەمتر لەشوێنە قەرەباڵغەکان تەلەفۆن بکەن، ماوە ماوە زەنگ و مۆسیقای مۆبایلەکانیان بگۆرن چونکە شەپۆلەکانی دەگۆرێت بەمەش شەپۆلەکانی مێشک چالاکیەکی تر وەردەگرێت. چونکە ئەو مۆسیقایە درەنگتر کۆدی شەپۆلی مێشک دەدۆزێتەوە.

سەرچاوەکان
1. عیتانی، دکتۆر محمود، سایکۆلۆجیە أتصال، دار المسیرە للنشر الاردن، عمان /2006
2. هەندێک سایتەکانی ئینتەرنێت